**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموارکراو بە ئەنجامی گەیاندووەو، بەو دەسەڵاتەش کە بەپێی ماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێماندراوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرهێنا:

## بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥

**مادەی یەکەم:**

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق و لەدیاریکردنی پەیوەندی دەستووری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵدا و دەبێ نوێنەرانی گەلی کوردستان لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی دا، لەکاتی خستنەرووی هەر حوکم و مادەیەك، کە پەیوەندی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندی گەلی کوردستانەوە هەبێت، لەکاتی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، بگەڕێنەوە سەرپرس و رای پەرلەمانی کوردستان.

**مادەی دووەم:**

گەلی کوردستان دەستبەرداری مافە مێژووییەکان و بەدەستهێنراوەکانی نابێت کە بەپێی یاسای بەڕێوەبەردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بەدیهاتوون کە بریتین لە هەندێك لە ئارەزو و ئاواتەکانی گەلی کوردستان و پێویستە دەستووری هەمیشەیی عێراق ئەم دەستکەوتانە لەخۆ بگرێت و ئەم هەڵوێستەش لەم بنەمایانەی خوارەوە سەرهەڵ دەدات.

**یەکەم:**

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دانی ناوە بە فەرمانڕەوایی سیاسی ئێستای کوردستانی عێراق و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و ئەرکو فەرمانەکانی لەرۆژی دامەزراندنیانەوە.

**دووەم:**

ئەو حوکمانەی لەمادده پەنجاو هەشتی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو ماددەی دەیەمینی یاسای دامەزراندنی دەستەی باڵای تایبەت بە کێشەکانی موڵکدارێتی (خاوەندەراێتی) زەوی و زار هاتوون سەبارەت بە نەهێشتنی ئەو ستەمەی لێی کراوە بەهۆی رەفتارەکانی رژێمەکانی پێشوو بۆ گۆڕینی هەڵکەوتەی نەتەوەیی و نیشتەجێبوون و بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیەم:**

لیژنەیەكی كاتی لە ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیـشتمانی كوردسـتان پێـك بێـت بـۆ بەدواداچـوونی جێبەجێكردنی ماددەی (٥٨) پەنجاو هەشتی یاسای بەڕێوەبەردنی دەوڵەتی عێـراق بـۆ قۆنـاغی گواستنەوە، سەبارەت بە كەركوك و ناوچەكانی دیكەی كوردستان.

**ماددەی چوارەم:**

دەبێ لایەنە پەیوەندارەكان حوكمەكانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوەو لە ڕۆژی دەركردنیەوە جێبـەجێ دەكرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com